وەزارەتی دەرەوەی عێراق خشتەیەک بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕادەگەیەنێت



ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی دەرەوە ڕەکۆتنکی لێگەڵ ئەمریکا بۆ داشتنی خشتەی کاتی بۆ ئامادەبوونی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نوودوەتی ڕاگەیاند.

وەزارەتکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لە پێناو جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکان و هاوتەریب لەگەڵ گۆشەسندنی توانا و کارایی هێزە عێراقییەکان، حکومەتی عێراق بۆ ڕەکەوتن لەگەڵ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرکەوتنی خولی دانوستانی بەردەوامی نوان هەردوولا ڕادەگەیەنێت کە لە مانگی ئابی 2023 دەستپێکرد و بۆ پێویستی دامەزراندنی لیژنەی باڵای سەربازی (HMC) لەسەر ئاستی گروپەکانی کارکردن بۆ هەڵسەنگاندنی هەڕەشە و مەترسییەکانی داعش لە بارودۆخ و پێداویستییەکانی ئێپڕاسیۆنەکان و بەهێزکردنی توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق، بەمەبەستی داشتنی خشتەی کاتی دیاریکراو و ووون کە ماوەی بوونی هاوڕێکارانی هاوپەیمانی نوودوەتی لە عێراق دیاری بکات و دەستپێشخەری کەمکردنەوەی وردە وردە و بە ئێنقەست ڕاوێژکارەکانی لەسەر خاکی عێراق و کۆتایی هێنان بە ئەرکی سەربازی هاوپەیمانی دژ بە داعش.

ئاماژەی بۆشکرد: ڕەکەوتنکە گواستنەوەی پێوەندییە هەماهەنگەکانی دووقۆڵی لەگەڵ وەاتانی هاوپەیمانی، سیاسی، ئابووری، هۆشنبیری، ئەمنی، و سەربازی لەخۆدەگرێت، کە هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای

حکومەتی عێراق، بەتایبەتی ڕێکخۆتنی چوارچێوەی ستراتیژی، کە پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێکدەخات و ڕێنگدانەوەی خواستی هاوبەشی هاوکاریی نێوان هەردوولایە بەشوێیەك کە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بەدیبهێنێت و بەشداربێت لە بەهێزکردنی ڕێی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی عێراق بەشوێیەك کە لەگەڵ پێگەی مێژوویی خێیدا بگونجێت و باشترین پەیوەندی لەگەڵ کەمگەی نێودەوڵەتی بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکان و خواستەکانی گەلی عێراق.

ئاشکراشیکرد: هەردوولا پشتیوانی خێیان بە کارەکانی لیژنەکە دەربڕی و ئاسانکارییان بە کارەکانی کرد و خێیان بەدوور گرت لە هەر شتێك کە ڕەگری لە کارەکانی بکات یان دوابخات، چونکە پاراستنی ڕەوای کارەکانی لژنەکە و سەرکەوتنی لە بەدیهێنانی ئەرکەکەی بەرژەوەندییەکی نیشتمانییە جگە لە بەشداریکردن لە پاراستنی سەقامگیری عێراق و ناوچەکە، هاوکات وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕنیکردەوە: حکوومەت داوای کرد کارەکانی ئەم لیژنەیە ڕانگیرێت، گرفت و پچڕانی تێنەکەوێت، هەروەها کار بە ئەوە بکرێت کە دەستکاری سەقامگیریی عێراق نەکرێت بە گێشتن بە ئامانجی تایبەت.

دووپاتیشیکردەوە: عێراق پابەندبوونی خێی بە سەلامەتی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نوێ دەکاتەوە لە ماوەی دانوستانەکاندا لە سەرتاسەری وڵات، بە پاراستنی سەقامگیری و ڕێگریکردن لە تاودان، هەروەها حکومەت تێئکید لە پێشوازیی خێی بە ئەم ڕێکخۆتنە دەکاتەوە و بە بەشێك لە جێبەجێکردنی دەزانێت لە بەرنامەی حکومەت و ئەو بڕیارنامەی کە لەبەردەم خۆکدا پابەند بووە پێیەوە.